عبدالرحمن شیوەن

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

# شعرستان

شعر



١٩٩٧

هەولێر

عبدالرحمن شيودن

# شعرستان

شعر

١٩٩٧

هەولير

* ناوی کتێب : شعرستان
* دانەر عبدالرحمن شیوەن
* چاپ چاپی یەکەم ١٩٩٧ ز
* تیراژ ( ١٠٠٠ )دانە
* ژمارەی سپاردن : ( ١٩٤ ) ساڵی ١٩٩٧ ز
* چاپخانە : چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە



نازانم کەی لە دایك دەبم
چونکە ڕۆژی مردنم لە دایك بونمە
لە قوتابخانەی ڕۆژگاریشدا هەڵگری
باوەڕنامەی شانازیم
لە سامانیش جگە لە کۆڵە خەمێك
ژەنگاوی و خامەکەی دەستم
هیچی تر شك نابینم
عبدالرحمن شیوەن

## بەرایی

ئەو چەند شیعرەی ئەو نامیلکەیە لە باوەشی گرتووە خزمەتێکی بچووکی گەورەیی جیهانی شیعری کوردی یە لەبەر کەم دەرامەتی ئەوە دووەمین جارە ناتوانم بەرهەمێکی قەبارە ئەستوور لە ڕۆمان و یان کورتە چیرۆك بڵاوبکەمەوە پشت بە خوا سێ یەم بەرهەمم لە ئەدەب و ڕۆمان دەبێت. کە ئامادەیە بۆچاو هەڵهێنان هیوادارم وە داوا لە خوێنەری بەڕێز دەکەم ڕەخنەی لێ بگیرێ بۆ ئەوەی لە بەرهەمی داهاتووی شیعر ئەم کەم و کوری یە نەمێنێ ٠

ع ٠ شیوەن

٢٤ /٤/ ١٩٩٧

هەولێر

# پرسیار

دەبێ رۆژێ بێ
حەزی ماندووم ئاڵای داگیر کردن
لەسەر لوتکەی دڵەکەتدا
بچەقێنێ
دەبێ ئەو رۆژە بێ
خۆزگەی ماندوو شەیدام
ماچێک لەکوڵمت بسێنێ
دەشێ رۆژێ بێ
هەردوو باسکم بکەمە بازنەیەک
قەدوو باڵات تیا بەندکەم
نازت
بەناز
خۆی بنوێنێ
دەشێ رۆژێ بێ
سنگی برسیت هاوار بۆ لەشکری

پەنجەم
بینێ
دوور مەبینە لێوی تینوم
لەکانێ لێوی تێنیویەتی
تەمەنی بشکێنێ
دەشێ بۆم بلوێ
رەشەبای هەناسەم زولفی رەشت
بینێتە
سەماوە
بێ جولێنێ
ئای نەشمیلە چاو رەشەکەم
دەزانی چم بەسەر دێ
کاتێ خاڵی سەر رووومەتی مانگت
دەتۆرێنێ
جەستەم دەبێتە
یەك پارچە بەفرو تەمەنیش
بلوێری تەنیایی
دەژەنێ

# خۆزگەی تەمەن

وەختێ شادیم
ڕێگای پێ گیرا
ڕۆژگار دەستی
هاوێشتە قورگی
خۆزگەی تەمەنم
ئاواتم لەژێر
چەقۆی ئەواندا
پاڵ کەوتبو
بریام لەناو دەستاری ئازاردا
هاواری دەکرد
ئەستێرەی هیوام
لە ئاسمانی بەختەوەریمدا
لەکز بوون دابوو
تەنها نیوە بوون
چەند دلۆپە فرمێسکتان
لە بازنەی چاوتان دەربەدەر کرد

## وون بون

خۆم وون کردوه
چەند دەگەڕێم بەدوای خۆم دا
خۆم نادۆزمەوە
بۆچی بەوون بوونی بمێنمەوە
لەوانەیە جەستەیەك بم
بەبێ هەنگاو
بویە وونم
وشە کێویلکەکان
ئەم شەو بیرت دەکەم
لە ناخێ
حەزێکی هەڵ چوو
چەند بیرت دەکەم
بەدڵێکی گڕ گرتوو
خۆزگەی تەمەن
خۆیان بەباڵای قژی تۆ هەڵواسی
پەپوولەی ماچم بریندارە

ئه م شه و
لاپه ره كانی فه رهه نگی سۆزو به هره م
ده پشكنم
تا ووشه ی جوان وه ده ست بێنم
به لام ووشه كان
ئه م شه و كێویلكه ن
بۆیه ڕاو ناكرێ له شه قه ی باڵ ده ده ن
خامه ی ده ستیشم
خه والوه
خه والوه

●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●

## خه م

زۆرم دی شه و نه هات
ڕۆژانی تاڵ و سوێری
له گه ڵ ژیانی كۆڵه مه رگی
ئاوه ره یی و ده ربه ده ری
نه دیواری به ندیخانه
نه قامچی ده ستی زۆرداری
هه ر ده نگیان پێ كپ نه كردم
هه لم گرت ئالای خۆراگری

# ئەڵقە

کەتۆم ناسی
هەوڵت دەدا
خۆت بەدیواری
حەزم هەڵواسی
ئەوسا تانەی تێنووت دەبوو
پرچت دەکردە رەشماڵی
ماچەکانمان
دەت ووت
کەی ئەڵقەی پێک گەیشتن
لە پەنجەم دەکەی
بۆ یەک جارێ هەناسەمان
برژێتە یەکتری
بەڵام ئێستا
نازانم بۆچی ئەم دیوارەت دروست کرد
ئەم دیوارە تۆی لە من کرد
ئای دەسگیران
چەند خۆشم ویستی
چەند خۆشت ویستم

۹۸۹

# لەشکری زولفت

جاری نەتپرسی لە حاڵی بێزاری ( شێوەن )
بۆت دەسوتێ شەوو ڕۆژ وەك گیانی دارە بەن
لەشکری زولفت عەقڵ و دین بەتاڵان دەبەن
دوو چاوت بەبێ ڕەحم تیر باران دەکەن

* * *

چاوەڕوانیم ڕەنگی هەڵهێنا ئەی دیدە مەست
ئەی تابلۆ ڕەنگینەکە پیشەنگای سۆزو هەست
بابیکەینە پەنجەی یەکتری ئەڵقەی مەبەست
بەڵکو برازێتەوە سەرتاپا کێڵگەی تەمەن

* * *

چەند دڵ ڕفێنە خاڵی سەر کوڵمی هەناری
بە جووتە شەکەرو گوڵ لە لێوی دەباری
لاناچێ ئەم هەورە لەسەر مانگی ڕوخساری
هێزی خاڵ و پەرچەمی تۆ گەمارۆم دەدەن

زستانی ١٩٨٩

# سەفەر

بەم نیوە شەوە تاریکە
دەمەوێ سەفەر بکەم
بەکۆڵە خەمی ژەنگاوی
ڕێگایەکی دوور تەی بکەم
ناگەڕێمەوە
تاتیشکی خۆر گەرمم نەکاتەوە
تا زەردەخەنەی
لێوی منداڵەکان نەهێنمەوە
بالەڕێگا دێوو درنج بم خوا
بارانی ڕۆژگار گیانم بشوا
نایەمەوە
نایەمەوە
تا مەبەستم نەهێنمەوە

١٩٨٩

## بروسكه شيعر

ـ ١ ـ

له ئه فريقيا شاعيرێكيان
خنكاند
وتيان ئيتر ناوى سرايه وه
به لام زۆرى پێ نه چوو
له لايه ن هۆنراوه كانى ئه و
ئالاى نه مرى به رز كرايه وه

ـ ٢ ـ

هێشتا هيوام چاوى
نه پشكوتو بوو خه مت به ردايه گيانى
كه هيواشم فێره گريان بوو
په نجه ت هه ڵشه قاند بۆ نه مامى

ـ ٣ ـ

باڵنده كان كه كۆچيان كرد
شوێن پێ ى خۆيان ديارى كرد
منى تينويان
تينوتر كرد

# داو

بەزولفی خاوت
بەغەمزەی چاوت
کەوتومە داوت
یارەکەی شیرین
بەجێم مەهێڵە
ژین بێ تۆ لێلە
هیوای من وێڵە
ئەی نیگار رەنگین
دەستم دامێنت
هاتووم لەشوێنت
ئاگرە ئەوینت
ئەی روخسار نەخشین
من خۆشم ویستی
بەبێ دەربەستی
هەر تۆ مەبەستی

باتێکه‌ڵ که‌ین ژین
به‌ جێ ی هێشتم ڕۆی
دڵ بووه‌ برین بۆی
ئارامی دڵ تۆی
یاری قژ زێڕین

**فه‌لوجه‌ ١٩٨٣**

•••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••

## چوارین

مـــانــــدووم لـــه‌ ڕێگـــای دووره‌وه‌ هـــاتـــووم
ده‌وره‌م گیـــرا کـــه‌س خـــۆشی نـــه‌ویستـــم
هـــه‌ر کـــه‌سێ بـــه‌ جـــۆرێ ده‌دوێ لـــه‌ مـــن
زیـــواڵ زیـــواڵم کـــه‌ چـــی نـــه‌ مـــردووم
١٩٨٣

## چاو شارکێ

بەژنت چەند شیرینە
رۆیشتنەکەت
لەنجەی لێ دەنکێ
چەندین سالە لەدوات وێلم کەچی
هەتا ئێستا
لەگەلْم دەکەی چاو شارکێ

••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••

## مەراسیم

خۆشم ویستی وام زانی لێوی کولْت تێرم دەکا
نەم زانی لەگەلْ خەندەو شادی هاوێرم دەکەی
گولْەکەم دووریت پەنگرێکە گیانم دەسوتێنێ
گەردەلوولی عەشقی تۆ رەوانەی هەلْدێرم دەکا
خەمت بەردایە گیانم وا ئازاریش لێم میوانە
چاوەکانت ئاشنای خەمێکی تالْ و سوێرم دەکا
بۆچی وا قامچی دل رەقیت لەتەمەنم بادەدەی
گیانم دل رەقی تۆ بەئارام گرتن فێرم دەکا

## هه تاو

خــــۆشـــــم ویستـــــی هــــــه تــــا تــــوانیـــــم
ئــــه ی تـــــروسکــــــه ی شـــــادومــــانیــــم
هـــــه مـــــوو رۆژێـــــك كـــــه ده تبینـــــم
لـــــه زیــــاد بـــــوونــــه كــــامــــه رانیــــم

•••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••

## جوانی

پـه ری وێنه
جوانی خۆت مه شێوێنه
نه ئارایش و ده رمان
هه ر سروشتی خۆت بنوێنه
بۆ به یانی پێش سازدانت
سه یری خۆت که له ئاوێنه
١٩٨٦

# دەرگا

بۆچی دات خست ئەم دەرگایە بە ئاستەم
کەوا برینندارت کرد ئەو سۆزو هەستەم
ئەی چاو رەشەکەی بۆن خۆشی من لێوئاڵ
سوتاوو برژاوی ئەو چاوە مەستەم
بە جوانیت بفەرموو بە سەتیر باران
دەمێکە لە تۆ چاوەرێی یەک رستەم
رۆژێ سەد جار دەمرم و دەژیمەوە
هێشتا بچوکی ئەو ئەبرۆ پەیوەستەم
هەر جارێ کە دەتبینم نەشمیلەکەم
ئاگر بەر دەدەیتە ئەو جەستەم
ئاخۆ کەی دەبێ تێر لە باوەشت بگرم
ئەی خوا بێتە دی ئەو مەبەستەم

١٩٨٨

# سەمفۆنیا

بەهارێك بووم كەوتمە
ناو باوەشی شەوەزەنگەوە
چاوەكانم
ببونە تەپلەی جگەرە
چوار دیواری بەندینخانە
دەنگیان دەخواردمەوە قامچی
دەستی زۆردارەكان
كانی خوێنیان لەجەستەم هەڵكەن
منیش جانتای نهێنیەكانم
بەكلیلی ئارام داخستبوو
لێوەكانم
لەباوەشی یەكتردابون
نالەو
ئازارم سمفۆنیایەكی
نەبیستراو بوو
تا لقو پۆپی بالاكەم هێزیان نەما

بەندیخانە
١٩٧٤

# باڵای خەمەکانم

باڵای خەمەکانی من
بەقەد باڵای تەمەنمە
شادی و خەندەم
لەقورگی گریان و شینمە
خوزگەم کز هەڵنیشتوە
لەسەر داری نائومێدی تەمەن
چەقۆی ژەهراوی ڕۆژگاریش وا
لە دڵی پڕ برینمە
شەپۆلی خەمم ژمارد
دەلیلیش بۆ هەموان
فرمێسکی خوێنینمە
شادی نەهاتە باوەشی
تامەزرۆی من
خەمێک دەمفرۆشی
خەمێک دەمرفێنی
لەبازاری ژیان و ژینمە

١٩٩٢

# سیناریۆ

داستانی ژیانم
سیناریۆیەکی تاڵە
زۆر پرسیارم کرد
کاروانی بەختەوەری
لە کام ڕێگادایە
هیچ ویژدانێك نەبوو
فرمێسکم بۆ ببارێنێ
خەمی ژەنگاوی من زیندەبەچاڵ بکا
تامی خۆشی ژیانم
بەدیاری بۆ بێنێ
پێکەنینم
لەبەندینخانەی ئەم ڕۆژگارە ئازادکا
١٩٩٤
هەولێر

# مەیدان

دەچمە بەر مەیدانی دوژمنی سەختم

بە فیرۆ نادەم کات و سات و وەختم

گەر شەهید بووم بۆم مەکەن شین و گریان

بە شەهید بوونم هەڵدێ ئەستێرەی بەختم

ڕێم دوورە کاڵەی ئاسن هەڵ دەبەستم

پشوو نادەم ئیتر ناخەوم ناوەستم

بەهاری دزراوی خۆم دەهێنمەوە

ڕزگاری کوردە من هیواو مەبەستم

بەرەو ئاسۆ دەچم سکی هەڵدەدڕم

خۆر ڕزگار دەکەم لە پێناوی دەمرم

سنوور دەکەمە گۆڕستانی دوژمنان

جلی کەساسی و دیلیەتی دا دەدڕم

١٩٩١

**هەولێر**

## داخوازی

چەند نەشمیلەیە دەڕوا لە جادە
بە لەنجە دەڕوا پاشکۆی با دەدا
گەیشتە ڕاستی من لمۆزی لە ئاسمان کرد
یانی کورە ڕیگا چۆڵ کە خۆت لێم لادە

• • •

منیش پێم ووت ڕاوەستە ئەی کیژۆڵە
با ماچ کەم ئەم ڕوومەتە نەرمو نۆڵە
هەر ئەوەندەم ووت هێرشی بۆم هێنا
گەڕاوە لام دامیە بەر مشتەکۆڵە

• • •

منیش لە تاو ئازارم بە ناچاری
دەمم خستە سەر ڕوومەتی هەناری
ووتی زۆر عەیبە وا دەکەی بەسیەتی
دوایی خۆی شل کرد هەر بەیەك جاری

• • •

وروتـــی لـــه بـــه ر چـــی مـــا چـــت کـــردم بـــه تیـــن
بچمـــه وه خـــۆ دایکـــم ده مکـــوژێ یـــه قیـــن
وروتـــی دایکـــت چـــوزانـــێ تـــۆ مـــاچ کـــراوی
وروتـــی وا رِوومـــه تـــم بـــووه ســـوورو شیـــن

• • •

کـــه واتـــه ئـــه م شـــه و ڕوو وه ره داخـــوازیـــم
هـــه رچـــونێـــك بێـــت بـــه خـــوای بـــه تـــۆ رازیـــم
ئـــه م شـــه و دایکـــم بـــه تـــه واوی رازی بکـــه
لـــه گـــه ڵ گـــه ردی بـــه یـــانـــی لـــه لای قـــازیـــم

• • •

جـــا کـــۆم کـــرده وه شێـــخ و مـــه لاو ده روێـــش
خـــۆمـــان گـــه یـــانـــده مـــاڵ بـــه ئـــازارو ئێـــش
دایکـــی وروتـــی کـــوا چ کـــاره ی پێـــم بـــڵێ
هـــاتـــویتـــه داخـــوازی کچـــم هـــاتیـــه پێـــش

• • •

وروتم مووچه خۆرم له فه رمانگه
له فلان خێزانم عه شیره تم له که
پێکه نی وروتی مووچه خۆر برسیه تی
حه ز ده که ی بۆت بژمێرم یه که یه که

• • •

وروتم بۆ وا ده ڵێ ی که وا پوورێ
له دوای گفت و گۆ کردن ده ست ده شۆرێ
هاتنه تکا شێخ و مه لا و ده روێشان
به ڵام بێ سوود بوو هه ر نه هاته خوارێ

• • •

وروتی من کچم ده ده م به خاوه ن ماشێن
خاوه ن کۆشك و ته لاری ره نگین ره نگین
ناده م به تۆ له برسان ده یکوژی
به سکی تێرن به ده یان برسێن

# بەندیخانە

لە ناو دەروونی
بەندیخانەی فاشیستەکان هەر خۆم
گوێم لە دەنگی خۆمە
دیوارەکان دەنگم
دەخۆنەوە
بە بێ دەنگی و
خۆ راگریم دا
خوێن مژەکان سیلیان
هەلهێناوە
کاتێ دەمبەن
بۆ ناو
کورەی ئازار
تەمەنم پێ دەکەنێ
لە گۆرەپانی
بیرو باوەرم دا
داری تێکۆشانم
دەچێنێ

بەندیخانە ١٩٧٤

# قوتابخانه

گه‌ر قوتابخانه یه‌ك
تۆی كرده ئه‌ستێره
بوی به پێشه‌نگی
كاروانی ڕۆژگار
ئه‌م قوتابخانه‌یه
شایه‌نی
ڕێز لێنانه
ئه‌گه‌ر
قوتابخانه‌كیش فێری
كردی چۆن درك به خوێنی
جه‌سته‌ی خۆت ئاو ده‌ی
بێ شكم شایه نی به‌ رد بارانه

# شیعرێکی تووڕە

گەر من مردو خۆرم
بزانە تۆ خۆ خۆری
گەر من مردو خۆرم
بزانە تۆ خۆ گۆڕی
گەر من مردو خۆرم
بزانە تۆ دەست شۆری
من نیشتمان پەرستم
لە بەر نالەی دایکی خۆم
نانوم شەو گەلێ پەستم
دە تاویمەوە وەک مۆم
چەند کەلەپچەیە دەستم
وا دەزانی من وەک تۆم
هاوینی ١٩٨٥

## گەر

گەر دەپرسی
دەست گیرانەکەی تۆ کێ یە
لەوانەی بەلاتان سەیر بێ
دەڵێم خامەی دەستمە
چونکە خەم خۆری منە
هاورێی ڕۆژو
شەوی مەبەستمە

١٩٩٥

••••••••••••••••••••••••••••••

## سووتان

زۆر بۆت گریام
زۆر بۆت سووتام
تا لەکەناری تەنیایی
کە خۆم دۆزیەوە کە تەنیام
گەردەلولی عەشقت
ڕاپێچی کردم بۆ
دنیایەکی پڕ درۆو
بێ ناکام

١٩٩٦

## مانگ

به م شه وه
ریگای شه و ده گرم و
به لکو له په نا ئه م شه وه
رێك بکه وێ ڕوومه تی مانگ
ماچ بکه م
ده شێ جییگای خۆم بدۆزه مه وه
له ناو دوو چاوی شه وی
خوور هه ر شه ویشه دیمه نی مانگ
جوان ده کا

••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••

## چاوه‌ڕوانی

بۆچی تۆ وات کرد
چاوه ڕوانی منت کوشت
ده ریای قینمت هان دا
بۆچی وات کرد
کراسی بێ ئومێدت له بالای ته مه نم
هه ڵ کێشلوه

هه نگاوه کانمان
ده ستیان له ملی یه کتر ترازاوه
بۆ ته زووی بێزاریت
به یه خه م هه ڵگه ڕاند
ده پێم بڵێ
بۆچی وات کرد

●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●

## په ڕاوێز

له په راوێزی ئه م ڕۆژگاره دا
ته مه ن خنکاوی سیناریۆیه کی
خه ماویه
خه م پاڵه وانی په راوێزی ژیانی منه
سواری پشتی
عه شقێکی سه ر گه ردان بویمه
به هاڕ مان زینده به چاڵ کرد

پایزیش سه‌نگه‌ری خۆی گرت
له‌ سه‌ر رێگای ویژدان
چوار چمکی دانیشتووم
به‌لکو شه‌ پۆلی به‌خت بێ
راپێچم کا
بۆ ئه‌م جیهانه‌ی که‌ من مه‌به‌ستمه‌

••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••

## هه‌ر به‌ خۆم

له‌ که‌لێنی زامه‌کانم
خۆم ده‌بینم
به‌ ده‌ستی خۆم خۆم سه‌ر ده‌برم
ته‌رمی خۆم له‌ سه‌ر شانی خۆم
هه‌ر خۆم گۆرێك
لێ ده‌ده‌م و
خۆمی تیا ده‌شارمه‌وه‌
خۆم پرسه‌ بۆ خۆم
ده‌ده‌نێم

١٩٩٥

# مەهێڵن

مەهێڵن ئەم جارە
خۆری هەڵاتوو ئاوا بێ
شەپۆلی تاریکی
حەزو هیوامان بخنکێنێ
قەبارەی ئازارەکانمان
بە پێوە بمێنێتەوە
دروێنە نەکرێ
رووباری خەم جەستە بشواتەوە
ئەم جارە مەهێڵن
بایەقوش
هێلانەی خۆی نوێ کاتەوە
نوێ کاتەوە
شانۆی بێزاری بروخێنن
بووکە شووشەی دەست منداڵەکان
مەرفێنن

# هه‌نگاو

گه‌ر ده‌ پرسی
کێ نووسه‌ری ئه‌و سیناریۆ
تاله‌یه‌
پێتان ده‌ڵێم خۆتان
نووسه‌رن
ئه‌ی کێ ته‌وقی دیلی
له‌ گه‌ردن ئاوێن
ئه‌وه‌ش هه‌ر خۆتانن
خوێ به‌ برینه‌کان وه‌ر ده‌که‌ن
هه‌نگاوه‌کان یه‌ك یه‌ك سه‌ر ده‌بڕن
خه‌میش بۆته‌ ده‌رهێنه‌ری ئه‌م شانۆیه‌
هه‌ر خۆتان ئه‌کته‌رن
گه‌ر ده‌پرسی
چاره‌ چی‌یه‌
مه‌هێڵن کۆتری سپی ئه‌م جاره‌
بتارێ لێمان

ڕێگای پێ بدەن
هێلانەی خۆی لە ناو دڵتان دا بنێ
١٩٩٤

●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●●

## حەزەکانم

بە پەیژەی عەشقت هەڵگەڕام
تا بگەمە شوێنی مەبەست
بەڵام لەشکری
زوڵفت
دیلی کردم
لە بەندیخانەی
ویژدانت بەندی کردم
١٩٩٥

# بێشكه ی ژیـان

ئه وا دیسان شه و هات
خه م له گیانم ئالاّ
كه س شك نابه م
ئه م شه و بێشكه ی ژانم بۆ ڕاژه نێ
چرای هیوام
داگیرسێنێ
شیعره كانم له گریاندا بوه ستێنێ
وڵم بكا به به نده ڕێكی قافڵه ی شادی
كه ده مێكه
وێستگای قافڵه ی خه م و ژانه
كیی زه رده خه نه ی لێوی خۆی
ته رخان ده كا
ئه م شه و
تا ڕوباری خه مه كانم بخواته وه
كراسی هیوام
له به ر هه ڵكێشێ

هه ولێر ١٩٨٠

# هیوا

له ناو قوڕگی
خه مێکی خه ست
هاوار ده که م ده ناڵێنم
هیوام
ژانی گرتووه
چاوی هه ڵکه ندراوه
هۆش و هه ستم
ڕێگای خۆیان وون کردووه

مه خمور١٩٨١

# دوو هۆنراوه

( ١ )

سات له دوای سات
ئازار زیاتر له خوێنه‌که م بخواته وه
ده روونی پڕ ژانم زیاتر گڵپه بکا
بارانی خه م
زیاتر بمشواته وه
خۆشم ده وێ ی
ده تپه رستم

( ٢ )

مشاری دووریت
داری خۆزگه م ببڕێته وه
ده رگای ئازارم
بۆ بخه یته سه ر گازی پشت
وه ك مه له وانێکی نه شاره زا
له ده ریای ئازار
بخنکێم و نه په رمه وه
ده تپه رستم

هه ولێر ١٩٧٩

# بورکانی ئازار

نەبورکانی ئازار
لەسینەم
دادەمرکێتەوە
نەناوی تۆ
ئەوەتە لەدیواری دڵ
دەسڕێتەوە
نەمەرگ چەقۆی لەگیانم
گیر دەکا
« نەتارمایی وێنەی
تۆ دەکوژێتەوە » (١)
نەخۆشەویست
لەگیانم بارگە تێك دەنێ
نەهیوام جارێکی تر
زیندو دەبێتەوە

هەولێر ١٩٧٩

(١) لەهۆنراوەیەکی (عبدالله عباس) ی شاعیر وەرگیراوە

# ئەم شەو

دەخیل دەستم بەدامانت وەفا بنوێنە ئەم شەو
دوگمەی سەر سینەی بەفرت بۆم بترازێنە ئەم شەو
ژوورەکەم تاریکستانە مات و مەلول و مەستم
ئازیز چرای ژوورەکەم هەڵگیرسێنە ئەم شەو
هەتا مانگ لەژێر هەور حەشار درابێ دەبێ بگریم
دەتۆش ئەم مانگە لەژێر هەور دەربێنە ئەم شەو
ئەوەندە تینووی دیداری بەژن و باڵای تۆم
هەر بۆ تاوێکیش بێ ئەم تینویەتیە بشکێنم ئەم شەو
پێکە نینم ژەهری نۆش کرد لەو ساتە لێم دووری تۆ
خۆ قیامەت هەڵ ناسێ بۆ ساتێ دەمت بێنە ئەم شەو
شادی و خۆشیم لە قورگی خەم دەناڵێنێ بێ چارەم
چی بکەم یارەکەم کار مامزی گەرمێنە ئەم شەو
لە گوڵستانی کەرەم بێ بەشم مەکە ئازیزم
خاڵەکەی سەرگۆنای مانگت مەتۆرێنە ئەم شەو

هەولێر ١٩٩٤

# پێم ووتی

لەبیرتە کاتێ پێم ووتی
خۆشم دەوێ ی
ئەم ساڵە هێشتا
داری تەمەن
گەڵای سەوزی هەڵنەوەراندبوو
ڕووی مانگی چواردەت جوانی لێ دەتکا
پێم ووتی با
ئەلقەیەکی خنجیلانە
پەنجەی شمشاڵیت
بگرێتە باوەش
کەچی دەرگای
وەڵام دانەوەت بەڕووی داواکەم داخست
ئەوا ئێستاش
وا دەتبینم
داری تەمەنت

گه لاكانی خه ریكه زه رد ده بن
پایز به كۆكه كۆك ده ست له ملی
ته مه نت ده كا
روومه تت
چه كوچ كاری رۆژگاری پێوه یه
دیاره
كه چی
وا ده زانی جوانه كه ی چوارده
سالانی
نه خێر
به هه له چووی
مه مكه كانت
دوو شه مامه ن
له برك كراوه ن
وا ده زانی جوانه كه ی جارانی
من هێشتا
چاوه روانی تۆم

هه ناسه مان تێکه ڵاوی
یه کتر بکه ین
پرچه خاوه که ت ببێته
ره شماڵی ماچی یه که م شه وی پێك گه یشتن
نه خێر
به هه ڵه چووی ده رگای دڵم
داخستوه
بازنه ی خه یاڵم ئاسوده یه
ئه ی خۆشه ویسته که ی جارانی من
ناسیاوی ئێستام

# چاو

چاو خۆی لە سەنگەری شەڕدا حەشارداوە
بە تیری زامدار بوون چەند دڵی پێ کاوە
دڵ ئەگەر دەیزانی شکست دێنێ ئاوا
هەرگیز نەدەچووە ئەم شەڕە تێک شکاوە
چاو تاوانبارە روخسار دەخوێنێتەوە
دەنا دڵ چوزانێ کام روو وەک هەتاوە
گەر چاو خۆی مەڵاس نەدا بۆ راوو شکار
هەرگیز دڵ ناکەوێتە ژانی ئەم داوە

## سوپاس نامەم بۆ ئەم بەرێزانە :ـ

١ـ دکتور جرجيس حسن / وەزيری پەروەردە
٢ـ مامۆستا حسن نقشبندی / بەرێوەبەری چاپخانە
٣ـ کاك سلام مصطفی / خوشکە نبيهە عمر شێخو
لە بەشی کۆمبيوتر
٤ـ کاك حسين و خوشکە نهاوند و کاك طلعت و خوشکە
نهاية لە بەشی هونەری .
٥ـ لەگەڵ هەموو کارمەندانی چاپخانەی پەروەردە .